# ميوانى كۆتايى

## (قل يتوفاكم ملك الموت الذى وكل بكم)

ئەى برا وخوشكى بەڕێزم ئایادەزانیت میوانى كۆتاییى كێ یە ؟
ئایا خۆتت بۆ ئامادە كردووە بۆ پێشوازى لێ كردنى ؟
ئایا دەزانیت بۆچى دێت بۆ لات و چیت لێ داوا دەكات ؟
ئەو میوانە بۆ ئەوە نایەت بۆ لات چاو ببڕێتە پارە و سامانەكەت یان بەشدارى خواردن و خواردنەوەكەت بكات , یان داوات لێ بكات قەرزێكى بۆ بدەیتەوە,
ئەو میوانە دێت بۆ ئە نجامدانى چالاكیەكى دیارى كراو نە خۆت كەس و كارت بەڵكو نە هەموو خەڵكى سەر زەویش ناتوانن ڕێى لێ بگرن بۆ ئەوەى ئەو چالاكیە ئە نجام نەدات .
پاشان برا وخوشكى بەڕێزم ئەگەر لە كۆشكى بەرز و پۆلاییندا بیت ئەگەر پاسەوانى بەهێز و بە تواناش چوار دەورى تۆیان گرتبێ و چەند پرسگەت هەبێت ناتوانن ڕێ لەو میوانە بگرن كە دەیەوێت سەردانت بكات.
پاشان ئەو میوانە مۆڵەتت لێ وەرناگرێ وە لە دەرگا نادات كاتێك بیەوێت بێت بۆ لات مەوعیدى دیارى كراوى دانەناوە بۆ سەردانت وە تۆش نازانیت كەى دێت بۆ لات. ئایا سەرقاڵى یان دەست بە تاڵى ئایا نەخۆشى یان لەش ساغى
ئایا دەوڵەمەندى یان هەژارى . ئەو میوانە كەى بیەوێت سەردانت دەكات و گوێ نادات تۆ لە سەر چ حاڵێكى ...
برا وخوشكى بەڕێزم ئەو میوانە دڵى نى یە تا بەزەیى بێتەوە بە تۆدا وە گریان و هاوارى تۆ یان شیوەن وپاڕانەوەى تۆ كارى لێ ناكات تا مۆڵەتت بداتێ بە نەفسى خۆتدا بچیتەوە و خۆت ئامادە بكەیت ...

پاشان سەیر لەوە دایە برا وخوشکی بەڕێز ئەو میوانە نە ڕەشوە وەردەگرێ نە دیاری نە بەرتیل وە هەموو ماڵ و سامانی دنیا لای ئەو میوانە هیچ نرخێکی نی یە و نایگەڕێنێتەوە لەو کارەی بۆی هاتووە .

برا وخوشکی بەڕێز ئێستا دەزانیت ئەو میوانە کێ یە ؟ ؟ ؟؟؟؟

( إنه ملك الموت ) مەلائیکەتی ڕۆح کێشانە پەنادەگرم بەخوا برا وخوشکی بەڕێز لەوانە نەبین کە مەلائیکەتی ڕۆح کێشان لەکاتی مردنیاندا بە لێ دان و ئازاردان دەکێشن بە دەم و چاو وپاشیاندا وەك لە قورئانی پیرۆزداخوای گەورە دەفەرموێت ( إذا توفتهم الملائكة يضربون وجوههم و أدبارهم ) سورة محمد (27).

برا وخوشکی بەڕێز: کاتێك دێت بۆلات کۆتایی بە تەمەنت دێت کارەکانت دەبچڕێ و نامەی کردەوەکانت دەپێچرێتەوە ناتوانیت یەك جاریش ( سبحان الله ) بکەیت تەواو کۆتایی هات کردەوە ،موحاسەبە و سەرزەنشت و سزاو پاداشت دەستی پێ کرد ...نوێژەکانت پشت گوێ دەخست و دەو فەوتاند . پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت ( مژدە بدەن بەو کەسانەی لەتاریکیدا دەڕۆن بۆ مزگەوتەکان بەنووری تەواو لە ڕۆژی قیامەتدا ) ابو داود ریوایەتی کردوە .

وەك دەزانین پەڕینەوەی پردی صراط نوری کردەوەی دەوێت لەوەش سەیرتر ئەو نوێژ و خوا پەرستیەی ئە نجامی دەدەی دەبێتە پاسەوان بۆت لە سزای ناگۆڕ و دەت پارێزێ وەك لە ( صحيحى ابن حبان ) دا ئەم فەرمودە شیرینە هاتووە کە ئەبو هورە یرە دەیگێڕێتەوە دەفەرمووێ : کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : مردوو کاتێك خرایە ناو گۆڕەوە گوێ ی لە دەنگی نەعل و پێلاوی خەڵکەکەیە کاتێك بە جێی دەهێڵن وئەگەر ئیمان دار بێت نوێژ دێت لای سەریەوە دەوەستێت وە ڕۆژوو لای ڕاستیەوە ،وە زەکات لای چە پیەوە دەوەستێت وە خێر و چاکە کردن لەگەڵ خەڵکی وە پەیوەندی خزمایەتی.... لای قاچیەوە دەوەستێت ، کاتێك سزای گۆڕ دێت لای سەریەوە نوێژ دەڵێت : لای منەوە ڕێ نی یە

( واتە ڕێ نادەم سزای بدەن ) وە هەروەها لای ڕاستیەوە دێت ڕۆژوو دەڵێت لای منیشەوە ڕێگا نی یە وە لای چە پیشیەوە دێت زەکات دەڵێت لای منیشەوە ڕێگات نی یە و نایەڵم سزای بدەیت .......... پاشان لە لایەن مەلائیکەتەکانەوە پێی دەوترێت دابنیشە ئەویش ( مردووەکە ) دادەنیشێ وە وا نیشانی دەدرێت کە دەمە و ئێوارەیە وا خەریکە خۆر ئاوا دەبێت ، پاشان پێی دەوترێت : چی دەڵێیت دەربارەی ئەو پیاوەی لە ناوتاندا بوو ناوی چی بوو چۆن شایەتی لە سەر دەدەیت ؟؟؟

ئەویش دەڵێت : ڕێم بدەن با نوێژ بکەم ( سبحان الله هەتاوەکو لە ناو گۆڕەکەشدا خەیاڵی لای نوێژەکا نیەتی ) ئەوانیش پێ ی دەڵێن نوێژ دەکەیت ؟ پاشان پێی دەوترێت وەڵامی پرسیارەکا نمان بدەرەوە ( پرسیارەکەی لێ دووبارە دەکەنەوە ) ئەویش دەڵێت ناوی ( محمد ) ە شایەتی دەدەم نێردراوی خودایە ڕاستی هێناوە لە لایەن خوداوە ....ئەوانیش پێی دەڵێن لە سەر ئەوە ژیا بوویت وە لە سەر ئەوە مردوویت ، وە لە سەر ئەوەش زیندوو دەکرێیتەوە بە ویستی خوا پاشان دەرگایەکی بۆ دەکرێتەوە لە دەرگاکانی بەهەشت پێی دەوترێت ئەوە شوێنی دانیشتنی تۆیە ، وە سەیر بکە خوا چی ئامادە کردووە بۆت تیایدا ، ئەویش دڵخۆش و شاد دەبێت . پاشان دەرگایەکی تری بۆ دەکرێتەوە لە دەرگاکانی ئاگر پێی دەوترێت ئەوە شوێنی تۆ بوو ئەگەر سەرپێچی خوات بکردایە وە سەیر بکە چ سزایەکی سەختی تێدایە ! ئەویش زیاتر شاد و دڵخۆش دەبێت... پاشان قەبرەکەی بۆ فراوان دەکرێ ( 70 ) باڵ وە بۆی ڕووناك دەکرێتەوە ، وە لاشەی ساغ دەبێتەوە و ڕۆحە پاك و چاکەکەی وەکو باڵندەیەکی لێ دێ دەسوڕێتەوە بە بەهەشتدا و بەناویا دەگەڕێ و بە دارەکانیەوە دەنیشێتەوە وە پاشان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئایەتی

(يثبت الله الذ ين امنوا بالقول الثابت فى الحياة الدنيا وفى الآخرة ) ( 27 )
سورەتی ابراهیم ی خوێند دوە و باسی حاڵی بەندەی کافر یان موونافیقی کرد...........تا کۆتایی فەرموودەکەی ( ابن حبان )
لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی ترمذ ی ڕیوایەتی دەکات : ( بەندەی ئیماندار کاتێك دەرگایەکی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە لە ناو گۆڕەکەیدا وە سەیر دەکات ئەو هەموو لەزەت وخۆشیەی تیادایە بە دوو مەلائیکەتی ناو گۆڕ دەڵێت : ڕێم بدەن بگەڕێمەوە ناو کەس و کارم پێیان ڕابگەیەنم ( واتە ئەم هەموو خۆشیەی بینیم بۆ یان باس بکەم ) !!
دوو مەلائیکەتەکەش پێی دەڵێن نا نەخێر ( بخەوە ) ... بخەوە وەك تازە زاوایەك کە خۆشەویست ترین کەسی لە خەوی هەڵدەستێنیٚ....کەواتە تا کار لەکار نەترازاوە کاتمان بە دەستەوە ماوە با بگەڕێینەوە بەرە و خوا .
ئیمامی عەلی( رضی الله عنه ) ووتاری دەفەرموو بەلاّم چۆن ووتارێك بەڕاستی پڕبوو لە ئامۆژگاری دەیفەرموو ( ..... خەڵکینە داوا کارێکی زۆر تینوو برسی داواتان دەکات ئەویش گۆڕە ، یان باخێکە لە باخەکانی بەهەشت یان شیوێکە لە شیوەکانی دۆزەخ .. ئەی بەندەکانی خوا قەبر هەموو ڕۆژێك سیٚ جار هاوار دەکات و دەڵیٚ :( انا بيت الظلمة، انا بيت الوحشة، انابيت الد يدان )واتە من ماڵی تاریکیم ،من ماڵی تەنهایم، من ماڵی کرم و مار و دووپشکم ) ..

عوسمانی کوڕی عەفان( رضی الله عنه ) ئەوەندە لەسەر قەبر دەگریا تا ڕیشی تەڕ دەبوو پێیان دەفەرموو : باسی بەهەشت و جەهەنەم دەکرێت ئەوەندە ناگریت ؟ ئەویش فەرمووی لە پێغەمبەری خوام ( صلى الله عليه وسلم ) بیستووە کە قەبر یەکەم شوێنگای قیامەتە ئەگەر لە قەبردا نەجاتت ببێت ئەوا چی قۆناغی تر دێت بە دوایدا هەمووی نە جاتت دەبێت ..

پیاو چاکێك دەفەرموێت : ( فارقت موضع مرقدي یوما ففارقنی السكون القبر أول لیلة باللە قل مایكون ) واتە : یەك ڕۆژ شوێن و حاڵی خۆمم بەجێ هێشت هێمنیم لێ بڕا ئەی ئەبێ یەكەم شەوی قەبر چۆن بێت توخوا پێم بڵێن چی ڕوو دەدات .

برا وخوشكی بەڕێزم : ئایا بیرت لە یەكەم شەوی قەبر نەكردۆتەوە تا دوێنێ بوو لە گەڵ خوشك و براكانتا لە خۆشیدا بوویت یاریت لە گەڵدا دەكردن ئێستا لە گەڵ كرمدا ژیان دەبەیتە سەر تا دوێنێ بوو ژووری خۆش و ڕووناك وڕازاوە شوێنت بوو ئێستا تاریكی باڵی كێشاوە بە سەر ڕووی لاشەتدا ..

برا وخوشكی بەڕێز كاتێك وویستت تاوان بكەیت بیر لەیەكەم شەوی قەبر بكەرەوە بیر لە كاروانی سەختی قیامەت بكەرەوە كە ئیتر مردنت بەسەردا نایەت یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ ئەوەتا ئەبو هورەیرە ( رضی اللە عنە ) لە كاتی وەفاتیا دەستی كرد بە گریان پێیان فەرموو بۆ دەگریت ؟ ئەویش فەرمووی وەڵاهی بۆ دنیا ناگریم بەڵكو بۆ ئەم كۆچكردنە دوور و درێژە دەگریم كە تویشووم كەمە!!!!!!!!!!

عمری كوڕی عبدالعزیز ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) ئامۆژگاری هاوڕێكانی دەكرد و دەیفەرموو : ئایا تێپەڕ بوون بەلای گۆڕستاندا بانگیان لێ بكەن لەسەر بانگخوازن تێپەڕ بوون بەلای مەعەسكەرەكەیاندا سەیری نزیكی ماڵەكەیان بكەن كە چەندە لەیەكەوە نزیكە ئایا ئێستاش هەر دەوڵەمەندن ، وە لە فەقیریان ئایا ئێستاش هەر فەقیرە ، پرسیار بكەن لەو زمانە درێژەی هەیان بوو ( كفریان پێ دەكرد قسەیان بەئیسلام وپێغەمبەر دەووت دژایەتی ڕاستییان پێ دەكرد و لەبەرژەوەندی بەتاڵ بەكاریان دەهێنا ) ئایا ئێستاش زمانیان هەر درێژە ، وە لەو چاوانەی سەیری حەرامیان پێ دەكرد...وە ...وە....

پرسیاریان لیٚ بکەن لە پێستی نەرمیان وە لە دەم و چاوی جوانیان ئای کرم چی لیٚ کردوە لە ژێر کفنە کەیدا ، کرم زمانی خوارد ، دەم و چاوی هەڵکۆڵی ، جوانی نەهێشت ، بڕبڕەکانی پشتی وەکو مووروی تەسبێحی پچڕاو لە یەك جیا کردەوە ، پێیان بڵێن :

کوا کۆشك و تەلارەکانتان ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!

کوا حەرەس و خزمەت کارەکانتان ؟؟؟؟؟!!

کوا زێڕ وزیوو سامانتان ؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!

کوا جوانی ڕوخسار و لەش و لارتان؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!

کوا..؟؟!!        کوا..؟؟!!

ئایا ئێستا شەو و ڕۆژتان وەك یەك نی یە لەتاریکی دا؟

ئایا ئێستا دەتوانن تەنها چاکەیەکیش بکەن ئەگەر لەوەو پێش نەتان کردبێت؟

ئەی ئەو کەسەی دنیا وای لیٚ کردویت لە خۆت بایی بویت کوا باخ و بەروبوم و میوەتان ؟ کوا باخچە و ڕووبارتان ؟ کوا لاشەی نەرمتان ؟ کوا جل وبەرگی جۆراو جۆرتان ؟ .........عمری کوڕی عبدالعزیز دوای ئەو ووتارەی یەك هەفتە ژیاو وەفاتی کرد !.

ئوسەیدی کوڕی عبدالرحمن دەفەرموێ : کاتێك ئیماندار دەنێژرێ زەوی پێی دەڵێت ئەی نەوەی ئادەم تۆم خۆش دەویست کاتیٚ بە سەر پشتمدا دەڕۆیشتی ئێستە کە هاتوویتە ناو سکم زۆرتر خۆشم دەوێیت ،

هەروەها دەفەرمویٚت زەوی هەموو ڕۆژێك هاوار دەکات و دەڵیٚ :

ئەی نەوەی ئادەم بەسەر پشتمدا دەڕۆیت بەلاٚم چارەنوست ناو سکمە .

ئەی نەوەی ئادەم جۆرەها خواردنی نایاب لە سەرپشتم دەخۆیت بەلاٚم کرم دەت خوات لەناو سکمدا .

ئەی نەوەی ئادەم  تاوان دەکەیت و گوێ نادەیتێ لە سەر پشتم بەلاّم دەبێت سزا کەی بچێژیت لە ناو سکمدا .

بەڵێ بە ڕاستی مرۆڤ زۆر چاو نەترسە  پەند لە مردنی براکەی ،کەسووکاری، دراوسێ کەی وەرناگرێت تاوان دەکات گوێ ناداتێ نازانێ خوا چاوی لێ یە (ان الله كان عليكم رقيبا )

لە فەرموودەیەکی قودسی دا خوای گەورە دەفەرموێت : (عبدي عبدي أجعلتني أهون الناظرين إليك ... ) واتە : ئەی بەندەکەم .. ئەی بەندەکەم ئایا من بە بێ ڕێزترین کەس دادەنێیت !! خوا پەنامان بدات .

مرۆڤ جاری وا هەیە کەتاوان دەکات حەز ناکات کەس تەماشای بکات ، کەچی گوێ نادات بەڕەقیبی ئاسمان .

برا وخوشکی بەڕێزم  لەکۆتاییدا هیوادارم بە نە فسی خۆتدا بچیتەوە و پەیوەندی خۆت و پەروەردگارت  پتەوبکەیتەوە و ئەم ئامۆژگاریانە وەربگریت و بلاّوی بکەیتەوە و بیگەیەنیتە لای کەسانی تر تا سوودی لێ وەربگرن ..

وصلى الله على محمد وعلى اله وصحبه وسلم سبحانك اللهم و بحمدك أشهد أن لا اله الا أنت أستغفروك وأتوب اليك .

zangidary@yahoo.com
zangidari@hotmail.com